

# من بەرەی ڕۆشنبیرانم هەڵبژارد

## دیمانەیەک لەگەڵ ئەکتەری بەناوبانگی فەڕەنسی ژۆن پییێر لێیۆ

لە فەڕەنسییەوە: هەڵگورد سەمەد

هەڤپەیڤین
ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١
jineftin.krd

ئایا دەتوانرێ هەم ئەفسانە بیت هەم شادومان و سەرحاڵ؟ بەڵێ، ژۆن پییێر لێیۆ[1] ئەمە دەسەلمێنێ. ئەکتەرە ناسراوەکەی شەپۆلی نوێ[2]ی سینەما و خاوەنی جوانترین فیلمەکانی ئەورووپا و عاشقە سەرسەختەکەی سینەما و "ڕۆشنبیر"ە خەباتکارەکە. ڕازی بوو کە لەگەڵماندا دیمانەی ڕۆژنامەوانی بکات. مێزی چێشتخانە دڵخوازەکەی لە گەڕەکی مۆنتپەرناسی پاریس کۆی کردینەوە. ئەو لەگەڵ هاوژینەکەی، بریژیت دوڤیێ هاتبوو، لەبەر ئەوەی وەک خۆی دەیگوت "کە هاوژینەکەم لێرەیە من دەگەشێمەوە"

چەندین ساڵە دیمانەی ڕۆژنامەوانی نەکردووە، بەڵام خۆی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "چلەخورمای زێڕینی شەرەف"ی فێستیڤاڵی کان.

**دیمانە: تیری لونا و ئۆرێلیا بێلۆنژێ**

**سەرچاوە گۆڤاری SOFILM**

ببوورن کە من ڕیتمی پرسیار و وەڵام ناپارێزم. بەوە ڕانەهاتووم کە پرسیاری ڕۆژنامەوانان وەڵام بدەمەوە. باشیشی لێ نازانم و ڕاهێنانم لەسەری نەکردووە. وزەی باشی دەوێ دیمانە. لە

---

[1] ئەکتەری بەناوبانگی فەرەنسی ژۆن بییر لێیۆ، ساڵی ١٩٤٤ لە پاریس لەدایک بووە. یەکێکە لە ئەکتەرە دیارەکانی شەپۆلی نوێی سینەما. لەگەڵ گەورە دەرهێنەرانی وەک ژۆن لوک گۆدار، ژۆن ئوستاش، فرۆنسوا ترووفۆ و پازۆلینی کاری کردووە. خاوەنی چەندین خەڵاتە و لەلایەن گەورە دەرهێنەرانەوە ستایش کراوە کە خاوەنی ڕۆڵگێرانی تاقانەیی و تایبەتی خۆیەتی. لەم دیمانەیەدا لەسەر شێوازی کارکردنی خۆی و هەندێ دەرهێنەر قسە دەکات.

[2] شەپۆلی نوێ La nouvelle vague، ڕەوتێکی سینەمایی بوو لە فەرەنسا. لە کۆتایی دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا و تا کۆتایی دەیەی شەستەکانی خایاند. چەند دەرهێنەرێک سەر بەو ڕەوتەن کە ئەوکات بۆ یەکەمجار فیلمی درێژیان دروست دەکرد، کە بریتی بوون لە ژۆن لوک گۆدار، فرۆنسوا ترووفۆ، ئێریک ڕۆمێ، کلۆد شابرۆل، ژاک ڕیڤێت، ئالان ڕۆنێ، لووی مال، ئەنییێس ڤاردا و ژاک دێمی.

کاتی مردنی فرۆنسوا تروفوەوە، دەترسم لەوەی زۆر ڕەخنەم لێ بگیرێ. دەترسم لەوەی کە ئەو وێنە نێرجسییە و بایی بوونەی بۆ خۆمم هەیە پڕ بە زوومی کامێرا نەبێت!

***تروفو[3] وەها باســـی تۆی دەکرد کە ئەکتەرێکی"دژەدۆکیۆمێنتار" و دژی فیلمی خەیاڵێت.. لەمەدا لەگەڵ ئەو هاوڕایت؟**

لە سینەمادا ڕەنگە، بەڵام لە ژیاندا، نەخێر. لە ژیانی ڕۆژنەدا بە تەواوی جیاوازم وەک لەوەی لە سینەمادا هەم.

لەکاتی وێنەگرتنی فیلمدا، ئامادەم، موزیک و تێکســـتەکەم لایە. کامێرا هەیە. تەنیا ئەوە دەمێنێ کە ڕۆڵ ببینم و ئەو کارەکتەرە دروســـت بکەم کە دەبێ بە جەســـتەی خۆم دروســـتی بکەم. لە ژیانی ڕۆژنەماندا ئەو شـتانە نین. بۆیە لە ژیانی ئاسـاییدا کارەکتەر دروسـت ناکەم. چاکەت و بۆینباخەکەم لەبەر دەکەم، بەڵام هیچ ڕوونادات. ژیان لای من تەنیا ئەو کاتەیە کە ڕۆڵ دەبینم و وێنە دەگرین. ئەمەیە پارادۆکسەکە.

**ئایا تۆ لەو جۆرە ئەکتەرانەی کە زۆر کۆشش دەکەن؟**

من کەسێکی زەحمەتکێشم. کە دێم نەخشەی کارەکەم پێیەم تێکستەکەم لایە. لەو دەمەدا ئامادەم، دەخوێنمەوە، دەڵێم و هەم. بەڵام کامێرام پێویستە، دەبێ کامێرا هەبێ. لە ژیانی ڕۆژانەدا کامێرا نییە، ئەمە بێزارم دەکات. کامێرا چەقی نەخشەکەی منە، خاڵی سەرەکییە.

فیلمەکەی کاراکس LeosCarax م نەبینیوە، بەڵام پێمولیە لە شـــوێنێکدا دەڵێ "بەبێ کامێرا، من ئـامـــانجم نییە، نـــازانم چیم". منیش هەمـــان بۆچوونم هەیە دەربـــارەی خۆم. ئەمەیە پارادۆکسـەکە: لە بەرامبەر کامێرادا زۆر ئاسوودەترم وەک لە ژیانی ئاياسایی، ١٠ هەزار قات زیاترهەست بە ئاسوودەیی دەکەم. ڕوونە، من لە ١٤ ساڵییەوە ئەکتەرم. لەو کاتەوە لە بەرامبەر کامێرادا زۆر ئاسـایی بووم. حەزم لەو وزەیە بوو کە لە بەرامبەر کامێرادا دەتوانی زۆر شـتی پێ بکەی، جوڵەی جیاوازی جەستە، گۆڕینی شێوازی دەموچاو.. لەوکاتەدا ترس و دڵەڕاوکێ و شـێوان ناناسـم. بەڵام لە ژیانی ئاسـاییدا دەکرێ شـەرم بکەی، نەتوانی ئەوەی ناو دڵت بێنیتە سـەر زوبانت. لە بەرامبەر کامێرادا گوێ نادەمە ئەمانە، هەموو شـتێ دەڵێم. هەنووکەش هەمان حەماسەت و بوێری فیلمی 400 Coups م هەیە.

[3] François Truffaut

***لە نواندندا قەت لە دەق دەردەچیت؟**

هەموو شتێ ئیرتجالییە، هیچیش ئیرتجالی نییە. قەت دەقم نەگۆڕیوە. لەناو دەقەکەدا وردەگۆڕانکاری دەکەم. تا گەیشتن بە ئەوپەڕی مانای دەقەکە پرۆڤە دەکەم. تا ئەو شوێنەی ئیتر مانای دیکە هەڵناگرێ. ئەوکاتە، یەکسەر جۆرە هەستێک لەناوەوە پەلکێشم دەکات کە سەرچاوەکەی لە دایکمەوەیە، کە وام لێ دەکات چۆن کرۆکی دەقەکە بدۆزمەوە. واتە مانا دانەوە بە وشەکان. وشەکە وەک خۆی وەک دەنگی وشەکە. تا لەکاتی نواندندا دەقەکە سرووشتی بێت. کە دەمەوێ نواندنێک بکەم، بە درێژایی ڕۆژەکە دەقەکە لە مێشکم دایە. تا وای لێ دێ کە ئامادە دەبێ بۆ نواندن و لەکاتی نواندنەکەدا دەرهێنەرەکە دەڵێ: ڕێک ئەمە وەکوو خۆی دادەنێین.

***پرۆڤە دەکەیت؟**

بەڵێ، بەڵام بە تەنیا. لە فیلمی La Maman et la Putainدا، پاڵەوانەکە ئەکتەرەکە نییە، بەڵکو دەقەکەی "ژۆن ئوستاش"ە. یەکەمجار بوو کە دەقێکی وەها ببینم. کە خوێندمەوە، بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا گوتم پێویستە کەسێک پرۆڤەم پێبکات. ئەوکاتە کچێکی خۆشەویستم هەبوو کە لەگەڵ یەکتر دەژیاین، ئەو پرۆڤەی پێ دەکردم. بەڕاستی باش بوو کە ئەو لەگەڵم بوو لەو کاتەدا. ئوستاش کەسێکی زۆر کەڵڕەق بوو. بەتەواوی مانا کەڵڕەق، هەر دیمەنێکی تەنیا یەکجار وێنە دەگرت.

***بۆت لواوە تێکستێک بگۆڕی یان پێشنیاز بۆ دەرهێنەرەکان بکەی؟**

گۆڕینی تێکست، نەخێر، بەڵام پێشنیازم کردووە. بۆ نموونە لەگەڵ "بێرتراند بۆنێلۆ" کاتێ سیناریۆی Le Pornographe م خوێندەوە، لەبەرخۆمەوە گوتم: ئەمە چییە؟! وامزانی بۆ قەحبەخانەیەک بانگهێشتکراوم! پەیوەندیم بە "سوزان شیفمان"ەوە کرد، سیناریستەکەیت "ڕوفۆ"، ئەو پێیگوتم: سیناریۆکە جوانە، شتێکی هونەرییە نەک فیلمی پۆڕن. ڕازی بووم کە بەشدار بم لە فیلمەکە، بەڵام بە بۆنێلۆم گوت کە لەو دیمەنانەی کە مژینی تێدایە من ناچار نیم کە بەشدار بم. پێشیم گوت لە دیمەنی وەهادا دەتوانی من بخەیتە ناو دیمەنەکە(شاشە) لە دیمەنی بەرامبەردا چۆنت پێخۆشە با وابێ.

***تۆ دژی فیلمی پۆڕنی؟**

نەخێر، بەهیچ شـــێوەیەک.بەڵام "فرۆنســـوا تروفۆ" دژی بوو. ڕۆژێک بە ڕێککەوت یەکمان بینی، پێکەوە پیاسەمان دەکرد، بەرهەمهێنەرێکی سینەمامان بینی کە من باش دەمناسی، لەمێژە کۆچی دوایی کردووە. فرۆنســـوا بە منی گوت: ســـەیرکە، ئەو کابرایە دەبینی لەولا، ئەگەر زانیبای ســـینەمای پۆرن هێندە پارەی تێدایە، تەنیا فیلمی پۆرنی بەرهەم دەهێنا.ئەمە خراپترین دەربڕینی ئەو بوو بەرامبەر کەسێک کە گوتبای.

***بەڵام خۆ "گۆدار" دەیتوانی فیلمی پۆرن دروســـــت بکـات، وانییە؟ هەنـدێ لە دیمەنی فـــیـــلـــمەکـــانـــی کەمـــێ لە پـــۆرن نـــزیـــکـــن.**

ژۆن لوک گۆدار تاکە کەس بوو کە دەیتوانی دیمەنی وەها دروســـت بکات، چونکە ڕوانینی مۆراڵی وەها بوو کە قەت ئەو دیمەنـانە بە پۆرن دانـانرێن. دەیتوانی بە دیمەنێ هەمووان بورووژێنێ و بە چرکەیەکیش خاویان بکاتەوە. ئەمەیە ژۆن لوک. من دەمزانی "بینێلۆ"، ژۆن لوک نییە، بۆیە لەو دیمەنـانەی لە پۆرن نزیـک بوون مەرجی دیمەن و دیمەنی پێچەوانەم بۆ دانا. لەگەڵ گۆدار هەموو شـتێکم قبوڵ دەکرد. ئەمە زۆر زانستییە کە ئەو دیمەنانەی گۆدار بۆ هیچ کەسێ دیمەنی پۆرن نین.

***سەرەڕای ئەوانەش تۆ لە فیلمی *Porcherie* ی پازۆلینی بەشداریت کرد...**

وایە، بەڵام ئەو بورژوا چەپەی من لە فیلمەکەدا ڕۆڵی دەبینم لەلایەن بەرازەوە دەخورێ. ئەمەیە کرۆکی فیلمەکەیە: بەرازەکان لەلایەن بەرازەکانەوە دەخورێن.

***وێنەگرتنەکەی چۆن بوو؟**

خراپ بوو. هەڵدێران بوو. ڕۆژێ پێش وێنەگرتن تێکستەکەی پێدەدایین. بۆ شێوازی کارکردنی من ئەمە زۆر ئـاڵۆز و زەحمەت بوو، چونکە من پێویســـتم بە پرۆڤەیە. بەردەوام دەیگوت: مۆزارتی تر. بەڵام من نەمدەزانی مۆزارت چۆن کاری کردووە. دوای تەواو بوونی وێنەگرتنی فیلمەکەی تووشـــی خەمۆکییەی بچووک هاتم. هاوڕێیەکم بردمی بۆ یۆنان تا کەمێ باشـــتر بم. بەڵام ئەوکاتە زۆر حەزم دەکرد لەگەڵ "پییێر پـاولۆ" کـار بکەم، چونکە ئەوکاتە یەکترمان دەناســـی و حەزمان لە کاری یەکتر بوو. پێشـــنیازی ئەو هاوڕێیەم زۆر باش بوو بۆ من کە چووەمە شـوێنێ هەتاوێکی باشـی هەیە و دەریا و شـەپۆڵەکانی ئارامیان دەکردمەوە، ئەوە نەبێ کە ئەوکـاتەی لە یۆنـان بووم، پییێر پـاولۆ خەریکی تۆمـارکردنی دەنگەکان بوو بۆ فیلمەکەی، بەڵام چونکە من لێرە نەبووم، دەنگی کەسـێکی دیکەی لەو شـوێنە دانابوو کە دەبوو دەنگی من بووایە. لەوەدا خەمم خوارد، چونکە دەبوو من ڕۆڵم ببینیبا و ئەو دەنگە هی من با. پێم گوت کە پێم خۆشـــە ئەو دەنگە هی من بێت، دواتر چووەمە ڕۆما و داوای کۆپیەکی فیلمەکەم لێی کرد.

چووم دەنگی خۆمم تۆمارکرد و خستمە سەری و بۆیم نارد، بەڵام، درەنگ بوو و کارەکە دروست نەبوو و دەنگی منی دانەنا. دەنگەکەی وەکو خۆی هێشتەوە، واتە ئەوی بە جەستە ڕۆڵی دەبینی من بووم، بەڵام دەنگەکە هی کەسێکی دیکە بوو.

***ئەو جەستەیە بەبێ دەنگی خۆت، وا دایدەنێی کە خۆتی؟**

ناسرووشتییە. ئەگەر تەنیا ئاماژەی بێ دیالۆگ بووایە، کێشە نەبوو.

***جگە لەو فیلمەی پازۆلینی، فیلمی دیکە هەبووە کە کاتی وێنەگرتنەکەی ناخۆش بووبێ بۆت؟**

ئەو شتەی ئەزیەتم دەدات لە هەر فیلمێکدا ئەوەیە کە نەتوانم مێتۆدی کارکردنی خۆم بە تەواوی جێبەجێ بکەم لە کارەکەدا. واتە پێرفێکت نەبم. نەتوانم فیلمێک لەناو فیلمەکەدا دروست بکەم. چونکە من هەموو کات لەناو هەر فیلمێکدا فیلمێکی دی دروست دەکەم . بەڵام لەگەڵ **گۆدار** ئەمە هێندە ئاسان نییە. یەکسەر دەبینێ کە من خەریکم مۆرکی بچووک بچووکی خۆم لەناو دیمەنەکاندا دادەنێم. بۆیە ململانێی توندمان هەیە و زۆریش کەیفمان بەیەکتر دێ. یەکترمان زۆر زۆر زۆر خۆشدەوێ. جارێکیان "نۆیمی لۆڤسکی" پێی گوتم: "تۆ باشترین بەڕێوەبەری بۆ ئەکتەرەکان، توانیت وا لە من بکەی بەشێوەیەکی دیکە ڕۆڵ ببینم. تۆ ئەو کەسەی کە لە فیلمدا هارمۆنی دروست دەکەی".

**لەگەڵ کێ بۆت قورس بوو ئەو هارمۆنییە دروست بکەی؟**

دەرهێنەرێک هەیە کە قەت باسی ناکەم کە ناوەکەی وەک هاوژینەکەی منە، دوڤیڤیێ. قبوڵی نەدەکرد کە بە شێوازی خۆم ڕۆڵ ببینم، بەردەوام ڕۆڵی بەسەرمدا دەسەپاند بەو شێوەیەی خۆی دەیەویست. زۆر بە ئازار بوو.

***ئایا ئەوە تایبەتمەندی هەندێ گەورە ئەکتەری ئەمریکی نییە کە دەیانەوێ خۆیان فیلمی خۆیان دروست بکەن بە ڕۆڵەکانیان؟ ئایا حەز لە هەندێ ئەکتەری ئەمریکی دەکەی؟**

زۆر حەزم لە "ئەل پاچینۆیە" لە فیلمی "پاش نیوەڕۆی سەگی". هەندێ جار پێش ئەوەی بڕۆم بۆ وێنەگرتن سەیری دەکەم، ئەمە وزەم پێ دەدات. ئەوەش کە ئەکتەری دڵخوازمە "مۆنتگۆمری کلیفت"ە لە فیلمی Confessی "هیچکۆک". ڕۆڵی دوو کەسایەتی زۆر جیاواز دەبینێ لە بەشی یەکەم و دووەمی فیلمەکەدا، لە هەردوو ڕۆڵەکەشدا زۆر نایابە. کاتێ کۆریسماکی د وای

لێ کردم کە لە فیلمی J’ai engagé un tueurدا ڕۆڵ ببینم، داوای لێ کردم زۆر کەم عاتفی بم. ویســـتم وەکو "مۆنتگۆمری کلیفت" ڕۆڵ ببینم، بەڵام لەگەڵ هاوڕێیەکم قســـەم کرد لەسەر ئەم مەسەلەیە، پی گوتم: مۆنتگۆمری پێچەوانەی ئەو ڕۆڵەیە کە دەبێ تۆ بیگێڕی، ئەو ئەکتەر ستۆدیۆ Actors Studioیە. بۆیە بیرم کردەوە کە ڕۆڵەکەم لە بۆستەر کێیەتۆن نزیک بێت.

***دێلفین سێریگ، هاوکارەکەت لە فیلمی *ماچە دزراوەکانی* تروفۆدا دەربارەی تۆ دەڵێ: زۆر لەمن داهێنەرترە... ناترسی لەناو فیلمێکدا بکوژرێی؟**

تەنیا لەناو فیلمشدا نا!

***دەکرێ وێنای بکەین کە تۆ زیاتر شانۆ بکەی؟**

پێم گوتن: ئەگەر کـامێرا نەبێ من ئـامـانجەکەم ون دەکەم. گەورەترین هـاوکـاری منە، وەک "لاکان" دەڵێ ئەوی تری گەورەم. شانۆم کردووە، کامێرای نییە. لە شانۆیەکدا کە تەنیا هەشت بینەر لە هۆڵەکەدا بوون، هەموو دەموچـاویـان دابوو بەیەکـدا، بەڵام من کەیفخۆش بووم. خستمیەوە بیری گرووپێکی بچووکی سینەما. بە خۆمم گوت: تەنیا هەشت کەس لێرەن، کاتێکی خۆشـــان دەبێ، زۆر خۆش دەبێ. بەڵام ئەگەر هۆڵەکە پڕ بوایە، چیرۆکەکە جۆرێکی دی دەبوو. ناتوانی وابزانی خەریکی وێنەگرتنی فیلمی. لەوەش واوەتر، ئێرە کامێرای لێ نییە، لێی نییە نا! "لوکا بێلڤۆ" باش لێم تێگەیشـــتبوو. دوای مانگێ لە وێنەگرتنی فیلمی "بۆ پێکەنین" کە فیلمێکی هەرە ناسراوی منە، پێی گوتم: تۆ، هاودەمی ڕاستەقینەت کامێرایە.

***بەردەوام باس لە ئەزموونت لە فیلمی *Les 400 Coups* دەکرێتە کە لە ١٤ ســـاڵیدا ڕۆڵت تێدا دیوە، چونکە ئەزموونی ســـەرەتای کارت بوو، بەڵام خۆ پێشـــتریش لە فیلمێکدا ڕۆڵت بینیوە، بەڵام قەت باس ناکرێت... دواتریش خۆ باوکت ســـیناریســـت بوو، دایکیش ئەکتەر بوو، کەواتە تۆ کەسێکی منداڵێکی ئاسایی نەبووی...**

منداڵی خێزانێکی هونەرمەند بووم! وەک ئەوەی لە شـــەوێکی بێکۆتاییدا نقوم بم. بێگومان لە فیلمێکدا بەشـداریم کردبوو، دەرهێنەرەکە ناوی ژۆرژ لامپا بوو. باوکم هیچ حەزی لە شـەپۆلی نوێ نەدەکرد. ئەو سەر بە بەرەیەکی تر بوو، بەرەی سینەمای کلاسیک. ڕۆژێک لەگەڵ خۆم بردم بۆ تەماشـــاکردنی فیلمی ژن هەر ژنە[٤]ی گۆدار، زۆر تووڕە بوو... بەڵام من لەگەڵ هەر دیمەنێکی تازە چەپڵەم لێدەدا!

بەڵام دایکم کەمێ کراوەتر بوو بەرامبەر شـــەپۆلی نوێ. زۆر کـاری کردبوو، بە تـایبەت لە ئیسپانیا. بۆ هەر شـوێنێ دەچوو باوکیشم لەگەڵی دەچوو، لەبەر ئەوە ناچارە بووم من بچم ئەو

[٤] une femme estune femme

ماوەیەی ئەوان جێیان دەهێشـتم لەگەڵ کەسـانی دی بژیم، ئەوکاتە فرۆنسـوا تروفۆم ناسـی.

***بۆچی باوکت هێندە ڕقی لە شەپۆلی نوێی سینەما بوو؟**

شـەپۆلی نوێ میزاجی تێکدەدا. ئەمڕۆ هەموو کەسـێ دەتوانێ فیلمەیل دروسـت بکات. هەر کەسـەک دەتوانێ ڕێچکەیەکی سـینەمایی خۆی هەبێ. بەڵام لەوکاتەدا ئەمە زۆر دەگمەن بوو. شەپۆلی نوێ وە خەبات و بەرەنگاری بوو. ئەمە شەڕی لاوەکان و پیرەکان نەبوو، چونکە خۆ ئەوکاتە "ڕۆنوار" پیربوو، بەڵام ئێمە زۆر حەزمان لێی بوو. بەڵکو شـەڕی نێوان چاکە و خراپە بوو ! (بە پێکەنینەوە).

***سـینەماکاری زۆر سـەر بە ڕێبازی شـەپۆلی نوێن کە تۆ قەت بەشـداریت لە کارەکانیاندا نەکردووە..**

بەڵێ، زۆر حەزم لێبوو لەگەڵ "شـاربۆل" ڕۆڵ ببینم. بەڵام قەت بۆی پێشنیاز نەکردم. لای ئەو وابوو من هی "تروفۆ"م. جارێ چووم ڕۆمێر، ببینم، پێشـنیازی بۆ کردم کە ڕۆڵی گارسـۆنی کـافێیەک ببینم، بەڵام ئەوکـاتە خەریکی وێنەگرتنی فیلمی L'Île au trésor, بووم لەگەڵ "ڕویز". بۆیە نەمتوانی بەشداری فیلمەکەی ڕۆمێر بکەم.

***زۆر دەرهێنەر هەن کە خۆت داوات کردبێ کاریان لەگەڵ بکەی؟**

زۆر جـار هەبووە کە چوومە دەرهێنەرم بینیوە و حەزم کردووە کـاری لەگەڵ بکەم. چووم ڕویزم بینی. چەندین جار بۆ کارکردن چوومەتە لای لێۆ کاراکس. بەتەما بوو لە دوا فیلمیدا ڕۆڵی سـەرەکیم بداتێ، بەڵام دواتر لەسـەر هەندێ وردەکاری پێکنەهاتین و جیاوازی کەوتە نێوانمان. بۆیە نەمتوانی بەشدار بم. زۆریش پەشیمانم. دواتر، زۆریش هاتوون بۆ لام تا کاریان لەگەڵ بکەم. وەکوو تسای میگ لیانگ[٥] لەگەڵ ئەودا بە فیلمی دەموچاو[٦] هاتمەوە فێستیڤاڵی کان لەسـالّـی ٢٠٠٩.
پەنجا سـاڵ دوای فیلمی **les 400 coups** هاتمەوە فێستیڤاڵی کان. زۆر دەرهێنەری گەنج لە یەکەم کار یان دووەم کاریاندا دەگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانی شەپۆلی نوێ.

دەتوانم هەر کارێ پێویستیان بوو دەست بدەمە قەڵەمەکەم و بۆیان بنووسم کە شەپۆلی نوێ چی بوو. جا پێشیان دەڵێم کە من نیشـانە هەر دیارەکەی شـەپۆلی نوێم (بە پێکەنینەوە). من نیشـانەی دیاری باشترین فیلمەکانی شەپۆلی نوێیم، ئەی ئەمە نایابترین نییە؟

---

[٥] Tsai Ming liang
[٦] VISAGE

***ئایا کەس بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

نەخێر، بە ڕاســتی کەس نابینم. پێم وایە لە کاتە گونجاوەکاندا باشــترین بژاردەم هەڵبژاردووە. تروفۆ، گۆدار، ئوستاش، کارێل و پازۆلینیم هەڵبژارد...

***بەڵام خۆ لە فیلمۆگرافی(لیســتی فیلم)ەکانتدا تەنیا فیلمی شــەپۆلی نوێ نییە، هی تریش هەن...**

ڕاستە، ئەمەش هەر سینەمای نوێیە، منداڵانی شەپۆلی نوێ لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایە. ئەو کــاتەی کە یــاریــدەدەری ژۆن لوک بووم، پێش پییێرۆ لو فوو، پێی گوتم: بڕۆ فیلمی ئەو دەرهێنەرە پۆلۆنییە ببینە کە دەرچووی قوتابخانەی "لۆدز[٧]"ە. ناوی ســکۆلیمۆفســکی بوو. دەرهێنەرەکەم بینی، ڕۆژێک داوای کرد بەشــداری فیلمێکی بکەم، ئەو فیلمەی بەشــداریم تێداکرد فیلمی "ڕۆشتن"[٨] بوو.

***پێناچێ بۆ تۆ ئــاســان بووبێ، چونکە ئەو زمانی فەڕەنســی نەدەزانی. چۆن دەیتوانی هەماهەنگیت لەگەڵ بکات و ئاراستەت بکات؟**

لەگەڵ سکۆلیمۆفسکی لە ڕاستیدا زۆر ئاسان بوو. چونکە ئەو خۆی ئەکتەر بوو و لە فیلمەکانی خۆیشــیدا ڕۆڵی بینیبوو. یەکەمجار ئەکتەرێک دەهات لە باتی من ڕۆڵەکەی دەبینی، دواتر من هەمان شــتم دووبارە دەکردەوە. کاتی خۆی بۆکســەر بووە، بۆیە ڕۆڵەکان لەگەڵ ئەودا زۆر پڕ جوڵە و فیزیکی بوون. فیلمەکانی زۆر شەڕیان تێدایە.

***لەگەڵ گۆدار جگە لەوەی ڕۆڵت دەبینی و ئەکتەر بووی، یاریدەدەریشــی بووی، بۆ بوویتە یاریدەدەر؟ حەزت دەکرد خۆشت فیلم دروست بکەی؟**

بەڵام کە هەلت بۆ هەڵدەکەوێ ببیتە یاریدەدرری گۆدار، بیر لە شــتی تر ناکەیەوە و پرســیاری دیکە ناکەی.

***بەڵام بۆچی یاریدەردەر، بۆ بە سادەیی تەنیا ئەکتەری گۆدار نا؟**

---

٧ Lodz
٨ Le Départ

چونکە هەر کاتێ کامێرای لە شـــوێنی ناوازە دادەنا بۆ وێنەگرتن، هەر کاتێ کە ئەو دیالۆگە نایابانە دادەنا من خۆشـــەویســـتیم بۆ ســـینەما و ئەو خەڵکانە زیاتر و زیاتر دەبوو کە گۆدار دروستی دەکردن. پاشـان کە هەلم بۆ هەڵکەوت لە فیلمی Masculin Féminin ڕۆڵ ببینم، خەریک بوو لە خۆشـــیا باڵا بکەم. زۆر جار بە خۆم دەڵێم: چ تەمەنێکی هەرزەکاریم هەبوو! هەرزەکارییەکی یەکجار سـەرسـامکەر. بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکانی هۆشـمەند هەبوو. وەکو خێزانێک بووین! داهێنانمان دەکرد ! پییێرۆ لو فوو هاوڕێم بوو، لەگەڵ گۆدار هەنووکەش هاوڕێیەکی پڕ لە میهرەبانییەکی قووڵە بۆ من. بۆ من فرۆنســوا ترۆفۆی دووەم بوو. لە ماوەی وێنەگرتنی فیلمی les 400 coups لەگەڵ "فرۆنسـوا چیین" سـەیری ڕاشـەکانی(وێنەکانی پێش مۆنتاژ) فیلمی "تا دوا هەناسە"[9]ی گۆدارمان کرد.

***فیلمی بابە نوێل چاوی شـینە[10]ی ژۆن ئوسـتاش زۆر قەرزاری فیلمی نێر و مێی گۆدارە، وانییە؟**

ژۆن لوک هەموو ئەو کاسێتانەی دایە "ئوستاش" کە بەکاری نەهێنابوون، تاوەکو بۆ فیلمەکەی خۆیدا بەکاریان بهێنێ. زیاتریش یارمەتی دا، کە تەمەنم ١٩ ساڵ بوو، جارێک ژۆن لوک منی بردە کازینۆیەک. ئەوکاتە نەمدەتوانی وێنای کەسـێکی ڕۆشـنبیر بکەم کە لە کازینۆدا خەریکی یاری کاغەزە. زۆر بە وردی ســـەیری هەموو شـــتێکیم دەکرد، جوڵەکانی، میتۆد و تەکنیکی یـاریکردنەکەی. ئەوەی نەمدەتوانی بە ئـاســـانی بـاوەڕی پێ بهێنم ئەوەبوو کە بڕێک پارەی بردەوە. کە هاتینە دەرەوە پێی گوتم: هانێ ئەم پارەیە بگرە بیدە ئوستاش، بۆ فیلمەکەی!

***تۆ ئەوکات لە یاریدا پارەت دەبردەوە؟**

چونکە باســی ســکۆلیمۆڤســکیمان کرد ، ویســتم باســی شــتێ بکەم دەربارەی ئەم بابەتە... کە مارگرێت دۆراس فیلمی "ڕۆیشتن"ی بینی لە ڕۆژنامەیەک نووسیبووی: هیوادارم کە ئەم دوانە قەت دەوڵەمەند نەبن. مەبەســـتی ســـکۆلیمۆڤســـکی و من بوو. ئەم دوانەمان هەر لەســـەر دروستکردنی فیلم بەردەوام بووین و قەتیش دەوڵەمەند نەبووین.

***حەزت دەکرد دەوڵەمەند بای؟**

ئەمڕۆ دەوڵەمەند بوون مۆدیلە. بەڵام بتەوێ خۆشەویستی خەڵک بیت شتێکی ترە. زۆر خەڵک هەن کە حەز دەکەن لە باوەشم بگرن. کە کچێک دێت و ماچم دەکات، گوێم لە دەنگی ئەو ماچە دەبێ، ئەدی لە دەوڵەمەندی خۆشتر نییە؟ زۆر لە دەوڵەمەندی خۆشترە.

---

[9] à bout de souffle
[10] Le père noël a les yeux bleus

چەند ڕۆژێ لەمەوبەر بەڕێوەبەری نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەم لە مۆنتپەرناس بینی. ٣٠ ساڵە لەم گەڕەکە دەژیم، بەڵام نەمدەناسی. زۆر دڵخۆش بوو بە بینینم، سڵاوی لێ کردم. دواتر پێم گوت: دەزانی منیش خەریکی ئەو کارەی تۆ بام ئێستا دەوڵەمەند دەبووم. لە وەڵامدا گوتی: تەماشاکە ئێستا خەڵک چۆن سەیریت دەکەن و چ پێگەیەکت هەیە. بیهێنە بەرچاوی خۆت کە دوای دروستکردنی ئەم هەموو فیلمە خەریکی ئەم کارە بی، خەڵک بە چ چاوێ سەیرت دەکەن. پێگەکان زۆر جیاوازن.

***بێگومان هەندێ پارەت دەستکەوتووە لە فیلمەکانت، وانییە؟**

بەڵێ، بەشی خۆم پارەم دەستکەوتووە. ئێوە دەزانن کە من قەت بۆ دەستکەوتنی پارە فیلمم نەکردووە. چەندان تێلێگرامم بۆ هاتووە کە پێشنیازی فیلمیان بۆ کردوون و ڕەتم کردوونەتەوە. هەرگیز بۆ دەستکەوتنی پارەی زۆر فیلمم نەکردووە، دەنا دەچووم بەشداری فیلمی léon Morinprêtreی "ژۆن پییێر مێلڤیل"م دەکرد، یان فیلمێکی قۆڕ کە پێشنیازی پارەی زۆریان بۆ دەکردم.

قەت خەمم لەوە نەخواردووە کە بۆ خاوەنی باڵاخانەیەکی گەورەی حەوت ژووری و مەلەوانگەی گەورە نیم. چوومە هوتێلێک، دوای ئەوەی کلیلکەم دایە دەستی کچەکەی پێشوازی، پێیم گوت: کیژۆڵە، هوتێلەکەتان خۆشە، بەڵام من خاوەنی هۆتێل نیم، بەڵکو خاوەنی بەهرەم. کچەکە پێی گوتم: خاوەن بەهرە بی باشترە لەوەی خاوەن هۆتێل بی.

**"ئەمڕۆ چۆن ئەو فیلمانە هەڵدەبژێری کە بەشدارییان تێدا دەکەی؟**

خۆم دیارییان دەکەم، لەکاتی بینینی فیلمەکان. بەردەوام دەچمە سینەما. لە کاتی گەنجی ڕۆژانە سەیری سێ فیلم دەکرد. بەردەوامیش ئەو ڕەخنانەم دەخوێندەوە کە لە گۆڤاری Cahiers Du cinéma دەنووسران. بۆ نموونە جارێک فیلمێکی ئۆلیڤیێ ئەسەیاسم بینی، جوڵەکەی کامێرای تێدابوو کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. چووم ئۆلیڤیێم بینی و پێم گوت کە حەز دەکەم لە فیلمێکی بەشداری بکەم. پێشنیازەکەی من کەوتە بەر دڵی، پاشتر لە فیلمی Paris s’éveille بەشداریم کرد.

***زۆر باسی سینەمای فەڕەنسیمان کرد، بەڵام پێمان بڵێ پەیوەندیت لەگەڵ سینەمای ئەمریکی چۆنە؟**

هەندێ هەلم بۆ هەڵکەوت لەگەڵ ئەمریکییەکان بەشداری فیلم بکەم، بەڵام هەریەکەیان بە هۆکارێ ڕێکنەکەوت.
لەگەڵ Gus Van Sant پەیوەندیم هەبوو. زۆریش حەزم لە فیلمەکانی بوو. بەڵام هیچ پێشنیازێکی بۆ نەکردم. هەندێ دەرهێنەریش هەبوون کە پێشنیازی کاریان بۆ کردووم بەڵام

بە هۆکاری جودا جودا هەڵنەکەوتووە کاریان لەگەڵ بکەم، لەوانە "هارمۆنی کۆرین" و "سۆفیا کۆپۆلا"، سۆفیا پێشنیازی کرد کە کاستینگ بکەم بۆ فیلمێکی. خۆ پێم وانییە شتەکەی ناماقاڵ بێت، بەڵام دیسان وەک ئەوەی لە سەرەتا دەست پێ بکەمەوە بۆ ئەوەی بچم ڕۆڵی لویسی چواردە یان شازدە ببینم، کەمێک بێتاقەتی کردم.

***هەندێ ئەکتەر هەن کە نایانەوێ لە ژیانی ئاساییدا زۆر بناسرێن، هەشن حەز دەکەن لەناو خەڵک دەرکەون و ناسراو بن، تۆ لە کام جۆرەیانی؟**

کاتێ خەڵک لە شـــەقام دەتبینن و پێت دەڵێن: لەم فیلمەدا زۆر باش بووی. کە بە شـێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە جۆرە پاڵەوانێک. ئەمە دەبێتە هەموو ژیانم، زۆر نایابە.

**تۆ ئەستێرەی؟**

بەڵێ ئەستێرەم، بەڵام دژە پاڵەوانم.

***تۆ ئایکۆنی ســـینەمایەکی یاخیشـــی، لەوکاتەی حوکومەت ویســـتی هونەری لۆنگلوا لە بەڕێوەبەری سینەماتێک لابەرێ تۆ هەڵوێستت هەبوو، لە شۆڕشی خوێندکارانی ١٩٦٨ی پاریس، لە فیلمی چەپانە بەشـدار بوویت لەگەڵ گۆدار... ئایا پێت وایە ئەو وێنە سـیاسـییە بەسەرتدا زاڵە؟**

نا، نەخێر، هەرگیز! "بێرناردۆ بێرتولوچ"ی هەمان پرســـیاری لێ کردم. پێم گوت: ئاگاداربە بێرناردۆ! وایە ژۆن لوک گۆدار کەســـێکی دژە بورژوا بوو کە کارم لەگەڵی کردووە، بەڵام لەلایەکی دیکە من کارم لەگەڵ فرۆنســـوا تروفۆ کردووە و ڕۆژانە لەگەڵی بوومە کە بەهیچ شێوەیەک کارەکانی ناچنە ناو ئەو تەوژمە سینەماییە سیاسییەوە.

"نۆیمی لڤۆفســـکی" لە ڕۆژنامەی "لۆ مۆند" دەرباری من کە پیای هەڵدابووم، نووســـیبووی: ژۆن پییر لێیۆ دەیتوانی ببێتە نووسەرێکی گەورەی بواری سینەما وەکو "سێرژ دانێی" و "ژیل دۆلووز". یەکەمجارە کە دەرهێنەرێکی هێندە بەهرەدار بە من دەڵێ ڕۆشنبیر.

***ڕۆشنبیر، ئایا باشترە لە ئەکتەری؟**

بۆ من ئەو وەسفەی نۆیمی ئەوپەری ڕێزلێنانە. ئەکتەری باشە، بەڵام ڕۆشنبیری، ئیتر ئەوە شتێکی ترە، زۆر خۆشحاڵ بووم بەمە.

هەمیشە "سێرژ دانێی"م بیردەکەوێتەوە. لە شاری میلان نمایشێکی سینەمایی هەبوو کە تایبەت کرابوو بە شەپۆلی نوێ. ئەو دەم خەریکی وێنەگرتنی فیلمەکەی "پییێر پاولۆ" بووین، سێرژیش لەوێ بوو. لەپڕ پێکەنیم. کە سێرژ گوێی لە پێکەنینەکەم بوو، دەستێکی لە پەشتم دا و پێی گوتم: دواجار گوێم لە پێکەنینێ ڕۆشنبیرانەکەت بوو...

***ئایا دەکرێ ئەکتەرێکی باش لە هەمان کاتدا کەسێکی گەمژە بێت؟**

باســـی "دانیـال ئۆتۆ"ی دەکەی؟ (بە پێکەنینەوە) هەرچۆن بێ و لە هەر بـارودۆخێکدا من بەردەوام لەگەڵ دەرهێنەری رۆشـنبیردا کارم کردووە. هەنووکەش تەنیا لەگەڵ دەرهێنەرە لاوە رۆشنبیرەکان کار دەکەم. دوای ٥٠ ساڵیش لە سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێ هەر ئامادەم و هەمان رێچکەی جارانم هەیە. (مستێ لە مێزەکەی بەردەمی دەدات) لە ساحەکەم هێشتا! پێگەی خۆمم هەیە، هێشتا و بۆ هەمیشە! رێگەی رۆشنبیرەکانم هەڵبژارد.

***تا هەنووکەش پەیوەندیت لەگەڵ گۆدار ماوە؟**

هەوڵ دەدەم پەیوەندیمان هەر بمێنێ. سەیری دوا فیلمیم کرد، فیلمی سۆسیالیزم، پشتم تێ کرد. کاسێتەکەم خستە سەر، تا کۆتایی پشتم تێکرد. دەنگەکەی زۆر جوان بوو.

***پێت وایە دانیەل زۆتۆی رووبەڕوو سەیری کردبێ؟**
زۆر دەست دامەگرن لەسەر ئۆتۆی. هێندە توند مەبن لەسەری!